# هەژاری و ناسەقامگیری:

## بەراوردکارییەک لەنێوان ئەو خێزنانەی کە لەلایەن ئافرەتانەوە و ئەوانەی لەلایەن پیاوانەوە سەرۆکایەتی دەکرێن لە قەزاکانی گەڕانەوەدا



IOM UN MIGRATION

Social Inquiry

## دەربارەی ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کۆچ (IOM)

ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کۆچ (IOM) پابەندە بە بنەمای کۆچکردنێکی مرۆڤانە و ڕێکخراو کە سوودی بۆ کۆچبەران و کۆمەڵگە هەیە. وەک ڕێکخراوێکی حکومی نێودەڵەتی، ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کۆچ لەگەڵ هاوبەشانی لە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی کار بۆ: یارمەتیدانی چارەسەرکردنی ئاڵنگارییەکانی کۆچکردن، باشتر تێگەیشتنی گیروگرفتەکانی کۆچبەری، هاندانی گەشەسەندنی کۆمەڵایەتی و ئابوری لەڕێگەی کۆچبەریەوە و پاراستنی شکۆی مرۆڤ و خۆشگوزەرانی کۆچبەران دەکات.

ئەو دید و بۆچوونانەی لەم ڕاپۆرتەدا دەربڕدراوە تەنیا بۆ خودی نووسەرەکان دەگەڕێتەوە و لەبنەڕەتدا ڕەنگدانەوەی ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کۆچ نین. زانیارییەکانی ناو ئەم ڕاپۆرتە، تەنها مەبەست لێی زانیاری گشتین. ئەو ناو و سنوورانەی کە لە ناو پەڕاوی تۆماری بەدواداچوون ئاوارەکان دایە بە واتای پەسندکردن یان ڕەزامەندبوون لە لایەن ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کۆچ نایەن. تا بۆی بکرێت ڕێکخراوی (IOM) هەوڵدەدات کە زانیارییەکان ڕاست و دروست بن، بەڵام هیچ بانگەشەیەکیش نە بە دەربڕین نە بە واگەیاندن ناکات کە ئەو زانیاریانەی لەم ڕاپۆرتەدا بەردەستن تەواو و دروست و گونجاون.

## دەربارەی ڕاوەرگرتنی کۆمەڵایەتی

ڕاوەرگرتنی کۆمەڵایەتی دامەزراوەیەکی قازانج نەویستە لە عێراق دا کە جەخت دەکاتە سەر سیاسەتی کارکردنی و جێبەجێکردنی بەکردارەکی کە وادەکەن متمانە لای هاوڵاتیانی سڤیل دروست بێت و ڕایەڵە کۆمەڵایەتییە لێکدابڕا و لێکپچڕاوەکانی نێوان کۆمەڵگەکان و نێوان کۆمەڵگەکان و دەوڵەت بنیاتدەنێتەوە. توێژینەوەکانیشی فۆکەس دەخەنە سەر پێوەری بابەتیانە: ١. لێکترازان و تەبایی کۆمەڵایەتی، ٢. پیادەکردنی دادپەروەری و ئاشتەوایی، ٣. ئابوری سیاسی دوای قۆناغی شەڕ و ململانێ، تێڕوانین لە ڕەهەندە سیاسی، کۆمەڵایەتی، دەروونی، ئابوری و مێژووییە بەیەکداچوو و یەکتربڕەکانی نێوان ئەم بابەت و لایەنانە.

© ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کۆچ لە عێراق (IOM) ٢٠٢٣

ئەم ڕاپۆرتە بە پاڵپشتی نووسینگەی دانیشتووان و پەنابەران و کۆچ-ی سەر بەوەزارەتی دەرەوەی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا ئامادەکراوە.

هەموو مافێک پارێزراوە. نابێت هیچ بەشێکی ئەم بڵاوکراوەیە دووبارە بەرهەمبهێنرێتەوە، لە نێو سیستەمێکی گەڕاندنەوەدا هەڵبگیرێت، یان بگوازرێتەوە بەهەرجۆرێک یان ڕێگە و هۆکارێکی ئەلیکترۆنی، میکانیکی، چاپکردن و تۆمارکردن، بەبێ مۆڵەتپێدانی بەنووسراوی پێشوەختەی لایەنی بڵاوکەرەوە.

لەنێو ١٤ قەزای سەرەکی گەڕانەوە دا لە عێراق لەدوای کارەساتی شەڕی داعش، پێناچێت دۆخ و دیدەکانی پەیوەست بە تێکەڵاوبوونەوەی ئاوارە ناوخۆییەکان بەشێوەیەکی بەرچاو جیاواز بێت لە نێوان پیاوان ئافرەتان، یان لەنێوان بەشداربووانی گەنج یان بەتەمەن.[1] بەڵکو زیاتر ئەوەیە کە ڕەگەزی سەرۆکی خێزان هۆیەکی گرنگە و کاردەکاتە سەر دەرئەنجامەکانی دۆخی دووبارە تێکەڵاوبوونەوەی خێزان تا دەگاتە دیدی تاک بەرانبەریان. هەروەک پێشبینیدەکرێت، ئەو خێزانانەی کە لەلایەن ئافرەتانەوە سەرۆکایەتی دەکرێن، بە بەراورد بەو خێزانانەی کە لەلایەن پیاوانەوە سەرۆکایەتی دەکرێت، دەرئەنجامی خراپتر نیشاندەدەن.

لەنێو ڕووپێویەکی نموونەی ئاماریی خێزانە گەڕاوەکان کە لەسەرانسەری ١٤ قەزادا ئەنجامدرا لە بەهاری ٢٠٢٢ دا، نزیکەی لە ١٦٪یان لەلایەن ئافرەتانەوە سەرۆکایەتی دەکرێن. ئەو خێزانانەش بە زۆری لە قەزاکانی حەویجە، شەرگات، تەلەعفەر و تکریتن. خشتەی ١ دابەشبوونی ڕەگەزیی بەشداربووان نیشاندەدات، ئایا سەرۆکی خێزانن یان نا، هەروەها جۆری ئەو خێزانەی کە بەشێکن لێی. ئەم خشتەیە ئەوەش نیشاندەدات کە کۆکردنەوەی داتا تەنیا دیاریکراو ە تایبەت نەبووە بە سەرۆک خێزان، بەڵکو هەر هاوڵاتییەک کە تەمەنی سەرووی ١٨ ساڵ بێت توانیوویەتی بەشداربێت تا دەربارەی ڕەگەز و تەمەنی سەرۆکی خێزانەکەی دڵنیایی بدات ببێتە نموونەی ڕووپێوییەکە.

خشتەی ١: دابەشبوونی ڕەگەز، ڕۆڵی خێزانیی و جۆر و پۆلی خێزانیی بەشداربوو

| ڕەگەزی بەشداربوو | ئایا سەرۆک خێزانە؟ | جۆری خێزان | |
|---|---|---|---|
| | | سەرۆک خێزانی ئافرەت | سەرۆک خێزانی پیاو |
| ئافرەت | بەڵێ | ٢٦٠ | ٠ |
| | نەخێر | ٣٢ | ٥٢٥ |
| پیاو | بەڵێ | ٠ | ١,١٤٧ |
| | نەخێر | ٣١ | ٢٦٥ |
| **کۆی گشتی** | | **٣٢٣** | **١,٩٣٧** |

لێرە شیکارییەکە بە تێروتەسەلی باسی جیاوازییەکانی نێوان تایبەتمەندییەکانی ئاستی خێزان دەکات لەڕووی ئەزموونی شەڕ و ململانێ، نیشتەجێبوون دۆخی ئابوری-کۆمەڵایەتی. هەروەها دەڕوانێتە دیدی تاکی سەرۆکی خێزانەکانیان لەسەر سەلامەتی، ئەمنیەت، تەبایی کۆمەڵایەتی و چ دەرهاویشتەیەکی ئەو جیاوازیانە لەسەر دووبارە تێکەڵابوونەوەی هەمیەشەیی هەیە.

ئەم کورتە ڕاپۆرتە بەشێکە لە پرۆژەی توێژینەوەیەکی گەورە (دووبارە وێناکردنەوەی تێکەڵاوبوونەوە) کە لەلایەن ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کۆچ و ڕاپرس و ڕاوەرگرتنی کۆمەڵایەتییەوە ئەنجامدەدرێت و دەڕوانێتە بەردەوامییەتی گەڕانەوە لەسەرانسەری ئەو ١٤ قەزایەی کە زۆرترین ژمارەی گەڕاوانیان لەخۆگرتووە لە عێراق دا. ئەوانیش بە ڕیزبەندیان لەسەرەوە بۆ خوارەوە بریتین لە موسڵ، ڕووماد، فەللوجە، تەلەعفەر، تکریت، هیت، حەویجە، حەمدانیە، شەرگات، کەرکووک، بێجی، شنگال، خانەقین و بەلەد. لێرەدا دەرئەنجامەکانی ئەم توێژینەوەیە لە ڕووپێوی ئەسڵی خێزانەکان و کارنامەی ٢٢٦٠ بەشداربووی گەڕاوە لەو قەزایانە لەماوەی نێوان ئادار و نیسانی ٢٠٢٢ دا کۆکراوەتەوە.

ئەم ڕووپێویەش شێوازێکی خێزانی دەگرێتەخۆ (کەلەسەر دۆخی تێکڕای هەموو خێزانەکە جێبەجێدەبێت و دەگرێتەوە) و شێوازی تاکی و کەسیش دەگرێتەخۆ (کۆکردنەوە و وەرگرتنی دیدی بەشداربووان)، هەروەها شێوازێکی لیست-یش دەگرێتەخۆ (کۆکردنەوە و وەرگرتنی تایبەتمەندییەکانی هەر ئەندامێکی خێزان) و بابەتەکانی پەیوەست بە دیمۆگرافیا، مێژووی شەڕو ململانێیەکان، سەلامەتی، ئەمنیەت، بڕ و ئاستی پێویستی پێوەرەکانی ژیان، دۆخی کاروکاسبی و باری ئابوری، دۆخی نیشتەجێبوون و گێڕانەوەی ئەو شوێنانە، دۆخی ئەمنی شوێنە دەستبەسەر داگیراوەکان، بەڵگەنامەی مەدەنی، تەبایی کۆمەڵایەتی و بەشداری خەڵکی گشتی، چارەسەری پزیشکی و دادوەری دەگرێتەوە.

ئەنجام و بەرهەمەکانی ئەم پرۆژەیە شیکارییەکیشی تێدایە دەربارەی تێکەڵابوونەوەی بەردەوام لە قەزاکانی گەڕانەوەدا و کورتە ڕاپۆرتێکیشی لەگەڵدا لەسەر کاریگەرییەکانی شەڕ و ململانێ، گۆڕانی کەش و هەوا و گۆڕانی باری ئابوری لەسەر کشتوکاڵ لەو قەزایانەی گەڕانەوەدا.



[1] تێکڕای کۆی دابەشبوونی ڕەگەز کە لە کۆکردنەوەی داتاکە بەدەستهاتووە کە ئەنجامی ئەو شیکاری ١٧٥٨ بەشداربووی پیاوە (٦٣٪) و ١٠٤٥ بەشداربووی ئافرەتە لە (٣٧٪) کە ئەمەش ڕێگە بەوەدەدات کە بەپێی قورساییان شیکارییەکی بێ لایەنانە بکرێت.

## ئەزموون و زەرەر و زیانەکانی شەڕ و ململانێ

جیاوازییەکی هەرە گرنگی نێوان خێزانەکان لە وەدایە کە ڕووبەڕووی توندوتیژی و زەرەر و زیانی جیاواز بوونەتەوە بەهۆی شەڕ و ململانێوە. لە هەرچوار سەرۆک خێزانێکی ئافرەت یەکیان باسی ئەوەیکرد کە ئەندامانی خێزانەکانیان بەهۆی داعشەوە مردوون لە (٢٦٪)، یان بەڕادەیەکی کەمتریشیان بەهۆی بەهێز ڕزگارکردنی ئەو ناوچانە لە ژێر دەسەڵاتی داعشەوە مردوون لە (٣٪). باسکردنی ئەم ڕێژانەش لەلایەن ئەو سەرۆک خێزانانەی کە ئافرەتن زیاتر بوو لەو سەرۆک خێزانانەی کە پیاون و ڕێژەی مردنی ئەندامانی خێزانی ئەوان لە (٨٪) بووە. ئەو زیان و لەناوچوونانەش زۆربەیان بریتیبوون لە هاوسەرە پیاوەکان، باوکەکان، براکان یان کوڕە گەورە کانیان. ئەمەش مانای ئەوە دەگەیێنێت کە زۆربەی زۆری ئەو خێزانانەی کە لەلایەن ئافرەتانەوە سەرۆکایەتیان دەکرێت بەهۆی نەمانی پیاوانی ئەو خێزانانەدا ئەمەش ئەنجام و کاریگەرییەکی ڕاستەوخۆی شەڕ ململانێیە. ئەمەش سەرەڕای ئەو بارە دەروونییەی کە لەوانەیە ئەو خێزانانە پیایدا تێدەپەڕن بەهۆی لەدەستدانی خۆشەویستانیان بە توندوتیژی و شەڕ و ململانێوە. هەروەها پێدەچێت ئەمەش دەرئەنجامی ناجێگیری و ناسەقامگیری دۆخی خانوو و نیشتەجێبوون، باری ئابوری-کۆمەڵایەتی، هەستکردن بە سەلامەتی و ئەمنیەت و تەبایی کۆمەڵایەتی، وەکو لەبەشەکانی دواتر باسکراون. تاکە جیاوازییەکی ڕیشەیی لەو زەرەر و زیانەی کە بەهۆی شەڕ و ململانێوە لەخێزانەکان کەوتووە پەیوەستە بە داڕووخانی خانوو بەهۆی کردە و ئۆپەراسیۆنە سەربازییەکانەوە، لەم ڕووەشەوە سەرۆک خێزانە پیاوەکان زیاتر باسی ئەوەیانکرد کە لە (٣٣٪) بەرانبەر بە لە ١٥ ٪) بوو بۆ سەرۆک خێزانە ئافرەتەکان. لەگەڵ ئەوەشدا ئەو زەرەر و زیانانەی کە لە داڕووخانی خانوو کەوتبوو بەهۆی داعشەوە لە هەردوو سەرۆک خێزانی ئافرەت و پیاو هاوشێوە بوو.

لە کۆتاییدا، تێکرای ئاوارەبوونی پەیوەست بە شەڕ و ململانێ و جموجۆڵی گەڕانەوە لە نێو ئەو خێزانانەی لەلایەن ئافرەتەوە سەرۆکایەتی دەکرێن و ئەوانەشی لەلایەن پیاوانەوە سەرۆکایەتی دەکرێن تارادەیەک لێکچوو و لێک نزیکبوون و هاوشێوە بوون. بەگشتی خێزانەکان لە ٢٠١٤ و ٢٠١٥ ئاوارەبوون، ژمارەیەکی کەمتریشیان لە نێوان ٢٠١٦ و ٢٠١٧ ئاوارەبوون، کە ئەوەیان کۆتا قۆناغی شەڕی ڕزگارکردن و وەرگرتنەوەی ئەو ناوچانە بوو کە داعش دەستی بەسەردا گرتبوون. زۆربەی ئەو خێزانانەش بۆ ناوچەکانی زێدیان گەڕاونەتەوە لە ٢٠١٧ دا، ڕێژەیەکی کەمتریشیان بەر لە ٢٠١٦ بۆ زێدیان گەڕاونەتەوە، هەندێکی دیکەشیان لە ٢٠١٨ گەڕاونەتەوە و ژمارەیەکی کەمتر لەوەش لە ٢١٠٩ و ٢٠٢٠ گەڕاونەتەوە.

شێوەی ١: ئەزموونی خێزان لە شەڕو ململانێ



## باری ئابوری-کۆمەڵایەتی و دۆخی خانوو و نیشتەجێبوون لە کاتی گەڕانەوەدا

زۆربەی هەرەزۆری ئەو خێزانانەی کە لەلایەن ئافرەتانەوە سەرۆکایەتی دەکرێن و ئەوانەشی کە لەلایەن پیاوانەوە سەرۆکایەتی دەکرێن خانووی خۆیانیان هەیە و ئێستا لەهەمان ئەو خانووانەدا دەژین کە پێش شەڕ و ململانێیەکان تیایدا دەژیان. پێدەچێت ئەو خێزانانەی کە لەلایەن ئافرەتانەوە سەرۆکایەتی دەکرێن زیاتر ڕووبەڕووی دۆخێکی ناجێگیر و شلۆق ببنەوە، ئەمەش لەوە ڕەنگی داوەتەوە کە ژمارەیەکی زیاتریان لە شوێنی حەوانەوەی کرێدان، یان خانەوادەیەکی دیکە لەخۆی گرتوون، زیاتر لەو خێزانانەی کە لەلایەن پیاوانەوە سەرۆکایەتی دەکرێن (شێوەی ٢). لەبەرانبەردا، ڕێژەی نیشتەجێبوونی ئەو خێزانانەی کە لەلایەن ئافرەتەوە سەرۆکایەتی دەکرێن و ئەوانەشی لەلایەن پیاوانەوە سەرۆکایەتی دەکرێن لە شوێنی نافەرمی و نارێکخراو دان هەمان ڕێژەیە و وەک یەکن.

شێوەی ٢: باری خاوەندارییەتیکردنی خانووی نیشتەجێبوون لە ئێستادا




ئەو خێزانانەی کە لەلایەن ئافرەتانەوە سەرۆکایەتی دەکرێن و لە خانووی کرێدان باری دارایی و ئەمنیان خراپتر و لاوازترە. ئەمەش لە کەمتربوونی توانای کڕینیان ڕەنگیداوەتەوە و سەرچاوەکانی داهاتیان کەمتر جێگیرە بەبەراورد بەو خێزانانەی کە لەلایەن پیاوانەوە سەرۆکایەتی دەکرێن. سەبارەت بە دەرخەری پێشووتر، زیاتر لە نیوەی ئەو خێزانانەی کە لەلایەن ئافرەتانەوە سەرۆکایەتی دەکرێن یان ئەوەتا توانای کڕینی پێداویستییە سەرەتاییەکانیان نییە، یانیش زۆر بە زەحمەت هەیانە (خشتەی ١). لە بەرانبەردا، زۆربەی هەرەزۆری ئەو خێزانانەشی کە لەلایەن پیاوانەوە سەرۆکایەتی دەکرێن دەتوانن پێداویستییە بنەڕەتییەکانیان دابینبکەن، لە نزیکەی یەک لەسەر چواری حاڵەتەکان، ئەو خێزانانە دەتوانن کەلوپەلی گرانیش بکڕن.

خشتەی ١: توانای کڕین کە لەلایەن خودی خێزانەکان خۆیانەوە باسکراوە

| توانای کڕینی خێزانەکە چۆن هەڵدەسەنگێنی | ئەو خێزانانەی کە لەلایەن ئافرەتانەوە سەرۆکایەتی دەکرێن | ئەو خێزانانەی کە لەلایەن پیاوانەوە سەرۆکایەتی دەکرێن |
|---|---|---|
| تەنانەت پارەی پێویستمان بۆ خواردنیش نییە | ٪١٨ | ٪٣ |
| پارەی پێویستمان بۆ خواردن هەیە، بەڵام جل و بەرگ و پێڵاومان نیمانە. | ٪٤٤ | ٪٢٣ |
| پارەی پێویستمان بۆ خواردن و جل و بەرگ هەیە، بەڵام پارەی کڕینی کەلوپەلی گرانمان نییە (بۆ نموونە کڕینی سەلاجە و تەلەفزیۆن). | ٪٢٧ | ٪٤٨ |
| دەتوانین هەندێک کەلوپەلی گران بکڕین وەک تەلەفزیۆن و سەلاجە، بەڵام ناتوان هەرچی پێویستمان بێت بیکڕین. | ٪٩ | ٪٢٠ |
| هەرچی پێویستمان بێت، دەتوانین بیکڕین | ٪٢ | ٪٤ |
| کۆی گشتی | ٪١٠٠ | ٪١٠٠ |

هەبوونی جیاوازییەکی ئێجگار گەورە لە توانای کڕین دەردێتە پاڵ جۆرەکانی ئەو داهاتانەی کە ئەو خێزانانە لەلایەن ئافرەتانەوە سەرۆکایەتی دەکرێن هەیانە بۆ دابینکردنی خەرجییەکانیان. لەوکاتەی هەم ئەو خێزانانەی کە لەلایەن ئافرەتانەوە سەرۆکایەتی دەکرێن و هەمیش ئەوانەی کە لەلایەن پیاوانەوە سەرۆکایەتی دەکرێن داهاتیان لەسەر خانەنشینی حکومییە، بەڵام ئەو خێزانانەی کە لەلایەن ئافرەتانەوە سەرۆکایەتی دەکرێن کەمتر داهاتی کار و بزنسیان هەیە لەوانەی کە لەلایەن پیاوانەوە سەرۆکایەتی دەکرێن. لەوەش گرینگتر، ئەو خێزانانەی کە لەلایەن ئافرەتانەوە سەرۆکایەتی دەکرێن پشت بە تۆڕە سەلامەتییە نافەرمییەکان و حکومییەکان دەبەستن بە ڕێژەی چوار جار زیاتر لەو خێزانانەی کە لەلایەن پیاوانەوە سەرۆکایەتی دەکرێن (لە شێوەی ٣ بە ڕەنگی سوور دیاریکراوە).



شێوەی ٣: سەرچاوەکانی ئێستای داهاتی خێزان




تێبینی: هەڵبژاردنی زیاتر لە وەڵامێک دەدرێت ڕێگەپێدراوە.

سەباری ئەو جیاوازییە بەرچاوانە لە داهات و سەرچاوەی بژێوی خێزانەکان، ئەو خێزانانەی کە لەلایەن ئافرەتانەوە سەرۆکایەتی دەکرێن و ئەوانەشی کە لەلایەن پیاوانەوە سەرۆکایەتی دەکرێن باسی ئەوەیانکرد کە بەهەمان شێوە ڕووبەڕووی هەمان ئاستەنگ و بەربەست دەبنەوە لەدەستگەیشتن بە کاروکاسبی و بژێوی ژیان پەیداکردن. بەربەستی سەرەکی بەردەم هەموو خێزانەکان لە دەستگەیشتن بە کاروکاسبی و بژێوی ژیان پەیداکردن لە قەزاکانی گەڕانەوە نەبوونی دەرفەتی کارە، نەک جۆرێک لەو جیاکاریانەی کە ئەو خێزانانە باسیان کرد. هەروەها ئەو جیاوازییە ئابورییانەش کارناکەنە سەر دیدی ئەو خێزانانە بۆ خۆشگوزەرانی. بەگشتی، هەستی ئەوەی کە نەوەکانی داهاتوو خۆشتر دەژین لەو نەوانەی ئێستا تاڕادەیەکە لە ئاستێکی نزم دایە.

لە کۆتاییدا، ئەو خێزانانەی کە لەلایەن ئافرەتانەوە سەرۆکایەتی دەکرێن باسی ئەوەشیانکرد لەڕووی دەستگەیشتن بە خزمەتگوزارییە گشتییەکان، چاودێری تەندروستی و خوێندن ڕێژەکان و هاوشێوە و لەیەک نزیکن. سەبارەت بە خوێندن، ئەو خێزانانەی کە لەلایەن ئافرەتانەوە سەرۆکایەتی دەکرێن و ئەوانەشی کە لەلایەن پیاوانەوە سەرۆکایەتی دەکرێن بۆ منداڵانی تەمەن (٦ بۆ ١٧ ساڵان) بە نزیکەی هەمان ڕێژەی ناوتۆمارکردنی منداڵەکانیان لە قوتابخانە هەبوو.

## سەلامەت، ئەمنیەت و تەبایی کۆمەڵایەتی لە گەڕانەوە

ئەو فاکتەرانەی کە لێرە باسکران پەیوەستن بە سەلامەتی، ئەمنیەت و تەبایی کۆمەڵایەتی کە زیاتر کەسین بە بەروارد بەو فاکتەرانەی کە لەسەرەوە باسکران. ئەو فاکتەرانەی لێرە جەخت دەخەنە سەر هەست و دیدی کەسیی بەشداربوو وەکو لەوەی جەخت بخاتە سەر تایبەتمەندییە کۆنکرێتییەکانی خێزان. لەبەرئەوە ئەو دەرئەنجامانەی کە لێرە دەخرێنەڕوو تەنیا باس لە لێکچوون و جیاوازییەکانی نێوان ئەو وەڵامانە دەکەن کە لەلایەن سەرۆک خێزانەکانەوە دراونەتەوە، ئەمەش دەکاتە لە ٦٠٪ی کۆی گشتی نموونەکان. بە مانایەکی دیکە، ئەو خێزانانەی کە لەلایەن ئافرەتانەوە سەرۆکایەتی دەکرێن وەڵامەکان لەلایەن ئەو ئافرەتانەوە دراونەتەوە کە سەرۆکی خێزانەکانن، ئەو خێزانانەشی کە لەلایەن پیاوانەوە سەرۆکایەتی دەکرێن وەڵامەکان لەلایەن ئەو پیاوانە دراونەتەوە کە سەرۆکایەتیە خێزانەکان دەکەن. ئەمەش بۆ دڵنیابوونەوەیە لە بابەتی بوون و بێلایەن بوونی شیکاری جیاوازییەکانی تایپۆلۆژیای خێزانەکان. ئەوەی جێگەی سەرنجە کە جیاوازی لە وەڵامەکان تەنیا لەسەر بنەمای جێندەری بەشداربووە ئەمەش جیاوازییەکی بەرچاوی لەو دەرخەرانەی خوارەوە نەدا بەدەستەوە.

لە ڕەچاوکردنی سەلامەتی کەسیی و ئەمنیەتی قەزا، بەشێوەیەکی گشتی دیدی سەرۆک خێزانە گەڕاوەکان بەشێوەیەکی لێکچوو و هاوشێوە ئەرێنی بوو (شێوە٤). بە نزیکەی هەموو سەرۆک خێزانە ئافرەت و پیاوەکان ئەوەیان خستەڕوو کە خۆیان خێزانەکانیان هەست بەسەلامەتی دەکەن لە ناوچە و گەڕەک و گوندەکانی خۆیان و ئەو باوەڕەدان کە لایەنە ئەمنییەکان پارێزگاری لە ناوچەکانیان دەکەن لەبەرانبەر هەر هەڕەشەیەکی دەرەکی لەسەریان. هەروەها ئەو بەشداربووانە باسی ئەوەشیان کرد کە هیچ سنووداربوونێکی ئەوتۆیان لە جوڵە و هاتووچۆیان لەلایەن دەسەڵاتدارانەوە بەسەردا نەسەپێنداراوە.

شێوەی ٤: لێکچوونی دیدی سەرۆک خێزانەکان لەڕووی سەلامەتی و ئەمنیەتەوە




هەرچەندە جیاوازی لە نێوان جێندەرەکان هەیە کاتێک دێتە سەرباسی ئەگەری هەبوونی توندوتیژی لە داهاتوو و پێویست بوون بە هاوکاری بەرانبەر بە تاوان و هەڕەشە لەسەریان. وەک لە شێوە ٥ دا نیشاندراوە، ئەو خێزانانەی کە لەلایەن ئافرەتانەوە سەرۆکایەتی دەکرێن زیاتر نیگەرانن لە ئەگەری سەرهەڵدانەوەی داعش یان دووبارەبوونەوەی ڕووداوی هاوشێوە بە ڕێژەی لە (٦٣٪) ئەو خێزانانە، لەوکاتەی ئەم ڕێژەیە لەلایەن ئەو خێزانانەی کە لەلایەن پیاوانەوە سەرۆکایەتی دەکرێت لە (٤٣٪)یە.

ئاستی ئاتاسوودەیی بۆ داواکردنی یارمەتی لە پۆلیس بۆ سەلامەتیان و بۆ هەبوونی نیگەرانی ئەمنی لەنێو ئەو خێزانانەی کە لەلایەن ئافرەتانەوە سەرۆکایەتی دەکرێن دوو هێندەی ئەو خێزانانە بوو کە لەلایەن پیاوانەوە سەرۆکایەتی دەکرێن.

شێوە ٥: جیاوازی لە دیدی سەرۆک خێزانەکان لەڕووی سەلامەتی و ئەمنییەتەوە




لەوانەیە ئەو جیاوازیانەش ڕەنگدانەوەی دیدی سەرۆک خێزانەکان بێت و ڕەنگدانەوەی پەیوەندی ئەو سەرۆک خێزانانە بێت کە لەگەڵ کۆمەڵگە و دام و دەزگاکان هەیانە. هەستکردن بەوەی کە ئەوانی دیکە چۆن دەتبینن بەئەگەری زۆرەوە فاکتەرێکە بۆ ئەوەی کە تا چەند هەست بە دڵنیایی بکەی و پێت وابێت کە توندوتیژی سەرهەڵدەداتەوە یان سەپاندنی یاسا ڕێخۆشکەری هاتنە ئارای توندوتیژی دەبێت. ئەمە بەشێوەیەکی ڕوونتر لە دیدی ئەو سەرۆک خێزانانە دەردەکەوێت کە باسی تەبایی کۆمەڵایەتیان کردووە.

سەرۆک خێزانە ئافرەت و پیاوەکان باسی ئەوەیاندەکرد کە تارادەیەک متامانەیەکی زۆریان بە هاوڵاتیانی دیکەی نێو کۆمەڵگەکان هەیە. هەرچەندە لە هەمان کاتیشدا ئاستی هەستکردن بەوەی کە بەشێوەیەکی نەرێنی لەلایەن ئەوانی دیکەوە سەیر دەکرێن و شتیان دەدرێتە پاڵ لە نێو سەرۆک خێزانە ئافرەتەکان دوو هێندەی سەرۆک خێزانە پیاوەکانە (شێوەی ٦). زەحمەتە ڕێک بە دیاریکراوی بڵێین کە بۆچی ئەو سەرۆک خێزانانە ئەو هەستەیان هەیە، بەڵام بە ئەگەری زۆرەوە پەیوەندی بە چەند هۆکاری پەیوەست بەیەکترەوە هەیە، لەوانەش داب و نەریتە کۆمەڵایەتییەکان و هەبوونی شەڕو ململانێیەکان (وەک دەرکردن بەوەی کە پەیوەندیان لەگەڵ داعش هەبووە سەر بە داعش بوون). هیچ جیاکارییەکی ئابوری-کۆمەڵایەتی یان جیاکارییەک لە ئاستی دامەزراوەکان بەشێوەیەکی زۆر و بەرچاو باسی لێوە نەکراوە کە لە بەرانبەر سەرۆک خێزانە ئافرەتان کراوە بە بەراورد بە سەرۆک خێزانە پیاوەکان. هەربۆیە، لەوانەیە ئەو هەستەی کە سەرۆک خێزانە ئافرەتەکان لەسەر هەڵسەنگاندنیان هەیانە پەیوەست بێت بە پەیوەندییەکانیان لەگەڵ کەسانی دیکە و تۆڕی پەیوەندییەکانیان. لەوانەیە تۆڕی پەیوەندییەکانی سەرۆکی خێزانە ئافرەتەکان لەقۆناغی دوای شەڕ و ململانێیەکان لاوازبووبێت، ئەمەش واتە، ئەو سەرۆک خێزانە ئافرەتانە ئێستا هەست بە پەراوێزخستن دەکەن و کەمتر هەست بە ئاسوودەیی دەکەن لە داواکردنی یارمەتی لە دراوسێیەکانیان یان لە لایەنە خۆجێییەکانی وەکو پۆلیس. ئەمەش جێی نیگەرانییە لەبەرئەوەی لە گەڕانەوەدا کۆی ژینگەی کۆمەڵایەتی تاک ڕاستەوخۆ هاوتەریب و پەیوەندیدارە بە بار و ئاسوودەیی دڵ و دەروون و کۆمەڵایەتیان، ژینگەی کۆمەڵایەتی نەرێنی ڕۆڵی هەیە خراپکردنی باری دەروونی و و دەرهاویشتەی دەروونی-کۆمەڵایەتیان. [٢]

شێوەی ٦: هەستی لۆمەکردنی خێزانەکان لەلایەن کۆی کەسانی دیکەوە




٢ نادیە سیدقی، شەقامەکان چ چیرۆک باس دەکەن: کاریگەرییەکانی ژینگەی کۆمەڵایەتی گەڕەک لەسەر باری تەندروستی و ئاسوودەیی دەروونی-کۆمەڵایەتی لە دوای شەڕو ململانێیەکان (The Hague: Cordaid، ٢٠٢١).

## دەرهاویشتەکانی تێکەڵاوبوونەوەی جێگیر و هەمیشەیی

ئەو دەرئەنجامانەی سەرەوە تیشک دەخەنە سەر ناجێگیری و ناسەقامگیری ماددی و کۆمەڵایەتی ئەو خێزانانەی کە لەلایەن ئافرەتانەوە و ئەوانەشی لەلایەن پیاوانەوە سەرۆکایەتی دەکرێت لە قەزاکانی گەڕانەوە. بە لەبەرچاوگرتنی ئەو بارودۆخانە، لەوانەیە شتێکی سەرسوڕهێنەر نەبێت کە سەرۆک خێزانە ئافرەتەکان ئەوە بخەنەڕوو هەستدەکەن هاوڵاتی پەراوێزخراون، هەروەها شیاوی باسە کە سەرۆک خێزانە پیاوەکانیش بەشێوەیەکی بەرچاو باسی بەرزی ئاستی پەراوێزخستنیان دەکرد (شێوەی ٧). هەستی پەراوێزخستنی هەردوو سەرۆک خێزانیش بەشێوەیەکی سەرەکی دەدرێتە پاڵ حکومەتی ناوەندی. بەم پێیەش، بەرێژەی لە (٥٦٪) سەرۆک خێزانە پیاوان هەست بە پەراوێزخستن دەکەن لەلایەن دەسەڵاتدارانەوە، بەڕێژەی لە (٣٢٪) پەراوێز دەخرێن لەلایەن کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی، نەتەوە یەکگرتووەکان و ڕێکخراوە ناحکومییەکانەوە. لەوکاتەی سەرۆک خێزانە ئافرەتەکان بەڕێژەی لە (٣٧٪) هەست بە پەراوێزخستنیان دەکەن لە لایەن کۆمەڵگەی نێودەوڵەتییەوە و بە ڕێژەی لە (٣٢٪)یش لەلایەن دەسەڵاتدارانی خۆجێییەوە.

شێوەی ٧: ئاستەکانی پەراوێزخستن بەپێی جۆری خێزان




ئەم ڕێژەی بەرزەی پەراوێز خستنەش لەنێو سەرۆک خێزانە ئافرەتەکان هاوتەریب و یەکانگرە لەگەڵ ئەو دۆخە ماددیە نەرێنی و ئەو هەست و تێڕوانینە کۆمەڵایەتی نەرێنییەی هەیەبەرانبەریان ودەرهاویشتەی هەیە بۆتێکەڵابوونەوەی درێژخایەن و بۆ جوڵە کردن و گەڕانەوەیەکی سەقامگیر هەر لەسەرەتای پرۆسەکەدا. سەبارەت بە پێوەری دواتر، پێناچێت شوێنی زێد وەکو جێی ڕەزامەندی سەرۆک خێزانە ئافرەتەکان بێ و ڕەوشکە وەکو خۆی درێژەدەکێشێت (شێوەی ٨). سەرۆک خێزانە ئافرەتەکان بەشێوەیەکی بەرچاو ئەو هەستەیان هەیە کە دەبێ جارێکی دیکە لێرە بڕۆن و ئەو شوێنەش جێبێڵن..

شێوەی ٨: ئەگەر نەبوونی هیچ بژاردەیەک جگە لە کۆچکردن و جارێکی دیکە ئەو شوێنە جێبێڵن لە داهاتوویەکی نزیکدا ئەمەش بەهۆی دۆخ و گوزەرانی شوێنەکانی گەڕانەوە.



باشترکردنی ڕەوشەکە و دۆخەکە بە جۆرێک کە ئەو خێزانانەی سەرۆکەکەیان ئافرەتە بتوانن لە قەزاکانی گەڕانەوە دا هاوتا و هاوئاستی ئەو خێزانانە بژین کە سەرۆکەیان پیاوە، ئەمەش تەنیا بە باشترکردنی باری ئابوری نابێت، بەڵکو بە بەرنامەی دووبارە تێکەڵاوکردنەوەی کۆمەڵایەتی و باشتر گرتنەخۆی ئەو خێزانانە لە لایەن کۆمەڵگە و کەمکردنەوەی ئەو وەهمەی کە دراوەتە پاڵ ئەو خێزانانە دەبێت. دەکرێت ئەمەش فراوانکردنی دەستگەیشتن بە تۆڕەکانی سەلامەتی و چارەسەرە دەروونیە-کۆمەڵایەتییەکان بگرێتەوە، هەورەها هۆشیارکردنەوە دام و دەزگاکان و کارئاسانیکردن لە تێکەڵاوبوونیان بە کەسانی دیکە دەگرێتەوە. ئەمانەش ئەو بەشانەش کە لەم پڕۆگرامەی ئێستا دا هەن بۆ پاڵپشتیکردنی گەڕانەوەی ئارەزوومەندانەی ڕێکخراوی ئەو خێزانانەی کە تا ئێستاش لە ئاوارەیی دان.[3] دەبێت ئەمەش هێشتان زیاتر فراوانبکرێت بۆ گرتنەخۆی ئەو خێزنانەی کە لەسەر توانا و ڕەزامەندی خۆیان گەڕاونەتەوە و بەڵام تا ئێستاش زەحمەتیان هەیە لە خۆگونجاندن و ڕاهاتن لەگەڵ ڕەوشەکە و لە تێکەڵاوبوونەوە لەگەڵ دەوروبەرەکەیان. دەکرێت لەڕێگەی کارکردنی زیاترەوە هەوڵ و کۆششەکان زیاتر بکرێن بۆ چارەسەرکردنی ئەو کێشانەی بە چارەسەرنەکراوی ماونەتەوە لە نێو ژمارەیەکی زۆر گەڕاوەی نێو کۆمەڵگەدا هەن.[4] بە خستنەڕووی بواری ئەو پێویستییە، ژمارەیەکی زۆری ئەو کۆمەڵگەیانەی کە زەرەر و زیانیان بەرکەوتووە ئەوەیان بەدیکردووە کە ئەوە دەوڵەت و دەبێت دەوڵەت تواناکانی لە چارەسەرکردنی کێشەکان بخاتە گەڕ و،[5] ئەوەش ئەو جۆرە یارمەتیەیە کە ئەوان دەیانەوێت وەریبگرن بۆ کەمکردنەوە و نەهێشتنی هەستی پەراوێزخستن وەک پاشماوەی کارەساتی دوای شەڕو ململانێکانەوە.



٣ چارەسەرە هەمیشەییەکان لە عێراق و ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کۆچ، کەرەستەی چارەسەرە هەمیشەییەکان، بەرگی ١. گەڕانەوە ڕێکخراوە کارئاسانی بۆ کراوەکان (بەغدا، ڕێکخراوی IOM، ٢٠٢١).

٤ یونامی، مافەکانی مرۆڤ لە بەڕێوەبردنی داد و دادپەروەری لە عێراق دا: دادگاییکردنەکان لە چوارچێوەی یاساکانی دژە تیرۆر و دەرهاویشتەکانی لەسەر تەبایی کۆمەڵایەتی و باوەڕپێکراویەتی دادی لە دوای کارەساتی داعش (بەغدا: یونامی، ٢٠٢٠).

٥ نادیە سیدقی و خۆگر وریا موحەمەد، جموجۆڵەکان پێش میکانیزم و ڕێگەچارەکان: غەمەکانی کۆمەڵگەی و دەرگای دەرفەتەکان بۆ گێڕانەوەی دادپەروەری لە ژینگە و دۆخی ڕاگواستنی دادپەروەری، پوختەی دەرئەنجامەکان (هەولێر: ڕاپرسی کۆمەڵایەتی، ٢٠٢٢).

## ڕێکخراوی نێودەڵەتی کۆچ لە عێراق


iraq.iom.int

iomiraq@iom.int

کۆمەڵگەی یۆنامی (دیوان٢)،
ناوچەی نێودەوڵەتی،
بەغداد/عێراق

@IOMIraq





© ڕێکخراوی نێودەڵەتی کۆچ لە عێراق - ٢٠٢٣

نابێت هیچ بەشێکی ئەم بڵاوکراوەیە دووبارە بەرهەمبهێنرێتەوە، لە نێو سیستەمێکی گەڕاندنەوەدا هەڵبگیرێت، یان بگوازرێتەوە بەهەرجۆرێک یان ڕێگە و هۆکارێکی ئەلیکترۆنی، میکانیکی، چاپکردن و تۆمارکردن، بەبێ مۆڵەتپێدانی بەنووسراوی پێشوەختەی لایەنی بڵاوکەرەوە.